# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٢٤٥) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. پێشکەشکردنی کارئاسانی پێویست لە چوارچێوەی یاساکانی باج بۆ باجدەران لە چین و توێژەکانی کاسبکاران و پیشەوەران بەتایبەتیش پێداچوونەوەی دەسەڵاتی دارایی (السلطة المالية) بە ڕێژەی خەمڵاندنی باجی پیشەکان و کاری کاسبکاران کە خاوەن یەک سەرچاوەی داهاتی سنووردارن و بژێویی ژیانی خێزانییان لەسەر ئەم کارەیە، ئەویش بە ئاڕاستەی بارسووکی لە پێدانی باج بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ناهەمواری دارایی ئێستا لە هەرێمی کوردستان.

٢. لێخۆشبوون لە تەواوی سوود و سزای دواکەوتنی پێدانی باج و کرێی ساڵانەی موڵکەکانی میریی کە دەکەوێتە ئەستۆی هاووڵاتییان.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە تاوەکو ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ناهەمواری دارایی ئێستا لە هەرێمی کوردستان.

٤. ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**